کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 13:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سڵاو لە پەرلەمانی کوردستان لە دوایین داهێنانیدا ... عوسمان هورمزیار

لە نوێترین هەڵوێستدا (28) پەلەمانتار پاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەن کە حکومەت دیاردەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومەتی لەدوای دەوام و رۆژانی پشو قەدەغە بکات، یەکەم شت ئەم هەڵوێستەی ئەو ئەندام پەرلەمانانە بەڵگەیەکی زۆر گرنگە کە گوزارشت لەوە دەکا کە پەرلەمان و حکومەت نە ئاگایان لەیەکە و نەمتابعەی کار و چالاکیەکانی یەکتر دەکەن، چونکە وا بۆ ساڵێك دەڕوا بەبڕیاری خودی جێگری سەرۆك وەزیران بەئیمزای خۆشی ئەم دیاردە قەدەغە کراوە بەڕەسمی ئەگەر کەسیش پابەند نەبووە بەم بڕیارە وەکو هەموو بڕیارەکانی تر پێشێل کراوە یان لەلایەن بەرپرسان اهمال کراوە و نەچۆتە خانەی جیبەجی کردن، دیارە پەرلەمانی کوردستان بەم کارەی دوایین داهێنانی بەخەڵکی کوردستان نیشاندا لێرە بەتایبەت مەبەستم ئەو (28) ئەندام پەرلەمانەیە کە پاداشتەکەیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان پاش ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری کێشەکانی ئەم خەڵکە داماو و نەگبەتەی وڵاتەکەمانیان چارەسەر کرد. لەوەرزی زستانی رابردوو هەموو ماڵێکی ئەم وڵاتەیان فول نەوت و سوتەمەنی کرد بەکوێرایی چاوی دوژمنان نەیانهێشت تاقەمندالێکی کورد لەسەرمان هەڵ بلەرزی، دیاردەی زەقی ئەو هەموو کچە قەیرانەشیان چارەسەر کرد بەدابین کردنی جێگا و یارمەتیدانی ماددی بۆ گەنجە پیرەکانمان کە هەتا ئێستا لەبەر ناهەمواری باری ژیانیان نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەری پێك بێنن، پێش ئەوەی ماددەی 140 جیبەجی بکرێت بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا کە تێکڕا بچن بۆ کەرکوك و لەپێش چاوی کامیراکانی هەموو جیهان دەست بە هەڵمەتی خاوێن کردنەوە و پاککردنەوەی دڵ و قودسی کوردستان بکەن کە هەر لەزبڵخانەیەك و شارێکی وێران دەچێت کە لەلایەن خزمەت گوزاریەکان ئەوەندە بێ بەش کراوە مەگەر رژێمی پێشوو بەم چەشنە فەرامۆشی کردبێ بەبڕیارێکی تری بوێرانەش دیاردەی حیزب حیزبانێی لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی قەدەغە کرد کە ساڵانێکی زۆرە خەڵکی ئەم وڵاتە بەدەم ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنن و هەر ئەم دیاردە قێزەوەنەش بوو وابکات کورد دەستی بستە خوێنی کورد و ئەم پارچەیەی کوردستانی بەش بەش کراو لەت ببێ و بەخۆشی دوژمنانمان ببێتە دوو پارچە. ئەندام پەلەمانەکانمان کە غەم خۆرانە کێشەی بەرز بوونەوەی کرێی خانوشیان چارەسەر کرد بەبڕیاری رەسمی و لەدانیشتنی رەسمی نرخی رسمی گونجاویان بۆ کرێچیەکان دانا، بەڵێ کە پەرلەمانە حەیاتەکەمان هەموو کێشەکانی چارەسەر کرد و لە داهێنان بەدوای داهێناندا دیارە ئەم پاداشتەی ئەم جارەی ئەم (28) پەرلەمانتارە داهێنانێکی ترە بۆ ئەوەی گەندەڵی بنبڕ بکرێت و چیتر زیان بەسامانی گشتی نەگەیەنرێ هیچ گلەیشمان لێیان نییە کە ئاگاداری کار و چالاکیەکانی حکومەت نینە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کەمێشکیان ئەوەندە مەشغوڵ و سەرقاڵن و پەرۆشن بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم هەرێمە دڵشاد کەن ولەکێشە زۆر و بەردەوامەکانی کەم بکەنەوە، بۆیە دەڵێم سڵاو لە پەرلەمانی کوردستان لەدوایین داهێنانیدا.

مۆبایل
4477932

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.